# سیمیناری د. صلاح عزیز

## سەبارەت بەمافی مرۆڤ لە پێشڤەچوونی ئابووری لەنێو سیستەمی دیموکراسیدا

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK)

کۆلێژی ئەندازیاری

(FAMU Florida State University)

**پێشکەش دەکرێت لەگۆنگرەی "بازاری ئازادو سیستەمی دیموکراسی لەعێراقدا : هەڵسەنگاندنو پلان بۆ کارەکان"**

**15 -19 - ئاب- 2005**

**هەولێر- کوردستان - عێراق**

# هەڵسەنگاندنی پێگەو پایەی ئابووری عێراق لەژێر سایەی رژێمی سەدامدا

## ئابووری عێراق:

- پلان و نەخشەکێشانی ئابووری لەناوەندەوە بوو, هەروەها:
- دەوڵەت بەسەریدا زاڵبوو.
- کۆمپانیا گشتییەکان لە کەرتە بنەڕەتییەکانی ئابووریدا کاریان لەژێر سیستەمێکی پارێزگاری باڵادا دەکرد کە ڕێگای بەکێبڕکێ نەدەدا.

نرخی هاتوو دەرچوو لەلایەن حکومەتەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو بەتووندی پشتیوانی لێ دەکرا.

*The UN-World Bank report on Iraq, October 2003*

# (تەواوکەری ) هەڵسەنگاندن

- لەژێر بارودۆخی ئابڵۆقەو سزا ئابووریو جەنگەکانەوە، کۆمپانیا عێراقییەکان کە دەوڵەت خاوەنیان بوو بەردەوام لەهەڵوەشانەوەدا بوون, لەگەڵ چاککردنی کالاّی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتەوە, ئەمە سەرەڕای کەمی دەستەبەرکردنی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخو نەبوونی هاندانی کارمەندان بۆ زیادکردنی بەرهەم.
- را پۆرتی بانکی جیهانیی لەسەر عێراق
- ئۆکتۆبەر/ 2003

*The UN-World Bank report on Iraq, October 2003*

# سیستەمی ئابووری لەعێراق:
# ئێستاو ئایینده

- هەنگاونانی عێراق بەرەو زیاتر کرانەوەی لەبەردەم بازاره نێونەتەوەییەکاندا، ڕوو بە ڕووی پێشبڕکێو ململانێی نێو نەتەوەیی دەکاتەوە, کە بێگومان ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی ئەو کەرتە ئابوورییانەی کە نەوتی نین.
- گواستنەوە لە ئابوورییەکەوە کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبرد، بۆ ئابوورییەك کە بازاڕ بەڕێوەی دەبات.
- گواستنەوەی خاوەندارێتی کۆمپانیاکان لەدەوڵەتەوە بۆ خاوەندارێتی تایبەتی .

# راسپاردەی بانكی جیهانی

1. -1 پەرەپێدانی یاسای دامەزراوەكان سەبارەت بە چاودێریكردنو كارگێڕیيو بەڕێوەبردنی كۆمپانیاكان لە هەردوو "كەرتی گشتیو تایبەتی".
2. -2 دامەزراندنی بەڕێوەبردنێكی كاریگەرو بەرپرس لەوكۆمپانیانەی كە موڵكی دەوڵەتن. ئەوێش بەدانانی چەند یاسایەكی ڕوونو ئاشكراو میكانیزمی چاودێریكردن.
3. -3 جیاكردنەوەی بەرپرسیاری خاوەندارێتی حكومەت لەسیاسەتەكانی.

-4 باشتركردنو چاككردنی كاری نێوخۆيی ئەو كۆمپانیایانەی كە دەوڵەت خاوەندارێتیان دەكات بەتایبەتی گەشەسەندنی سیستەمی زانیاریو ڕۆشنبیریی بازرگانی

# چوارچێوەی کاری یاسایی:
# پێشڤەچوونی ئابووری بەشێکە لەمافەکانی مرۆڤ.

## جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

- ماددەی یەکەم:
- هەموو مرۆڤەکان بەئازادی لەدایك دەبن, و یەکسانن لەرێزو شکۆو مافەکانیاندا. ئەوان بیرو هۆشیان پێدراوەو دەبێت بەگیانی برایەتی مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن.
- مادەی حەوت:
- هەموو خەڵك یەکسانن لەبەردەم یاسادا, مافی خۆشیانە کەسوودمەندبن لە پارێزگاری لەخۆی بەشێوەیەکی هاوتاو بەبێ هیچ جیاوازیەك، هەروەك هەموو مافی خۆپاراستنیان لەدژی هەرجۆرە هەڵاوێردنێك یان جیاکارییەك کە کەلێن دەخاتە ئەم بانگەوازەوە دژی هەرجۆرە هاندانێك لەسەر ئەو جۆرە جیاکاریە.
- مادەی حەڤدە:
- 1) هەموو کەسێك مافی خاوەندارێتی هەیە جا چ بەتاك یا بەهاوبەشی کردن لەگەڵ هی تردا.
- 2) نابێت هیچ کەسێك بەزۆر موڵکی لێ زەوت بکرێت.

# په یماننامەی نێونەتەوەیی  لەبارەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان

- مافە  ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان ئەمانە دەگرێتە خۆ: مافی مرۆڤ بۆ کارکردن، مافی ژیان بەپێی  پێوەرێکی گونجاو  کە خواردن  جلوبەرگ,  نیشتەجێبوون  دەگرێتەوە,  هەروەها  مافی تەندروستی جەستەیی و عەقڵی, مافی ئاسایشی کۆمەڵایەتی, مافی بوونی ژینگەیەکی تەندروست, مافی پەروەردەو فێربوون.

www.cser.org

# مافی کارکردن

مافی کارکردن گرەنتی هەلی بەدەستهێنانی بژێوی ژیان لەبارودۆخێکی کاری بێمەترسیدا دەکات. هەروەها ئازادی دەستەبەری خۆ رێکخستن لە رێکخراودا و مامەڵەی بەکۆمەڵ دەکات .

# بەندەكانی پە یماننامەكە

**بەندەكانی پە یماننامەكە**

**بەشی سیٚ**

**ماددەی شەش**

1-ئەو دەولەتانەی كەلایەنن لەم پە یماننامەیەدا دان دەنیٚن بەمافی كاركردن كە مافی هەموو كەسیٚكٚ دەگریٚتەوە لەهەلی داپینكردنی بژیٚوی ژیانی بەو كارەی كەبە ئازادانە هەڵی دەبژیٚریٚت و قبوڵی دەكات و هەنگاوی گونجاو بۆ دەستەبەركردنی ئەم مافانە دەنیٚت.

2- ئەو هەنگاوانەی كەدەبیٚت بگیریٚتە بەر لەلایەن ئەو دەوڵەتەی بەشدارە لەم پە یماننامەیەدا بۆ جیٚبەجیٚكردنی ئەم مافە, ریٚنماییە پیشەیی و تەكنیكییەكان دەگریٚتە خۆ, لەگەڵ بەرنامەكانی راهیٚنان و مەشق پیٚكردن. سیاسەت و تەكنیكەكانی كە پەرەسەندنیٚكی جیٚگیری ئابووری و كۆمەلاٚیەتی و رۆشنبیری وەدەست دەخات, هەروەها دەبیٚتە هۆی خستنەكاری تەواوی هیٚزی كار لەژیٚر بارودۆخەكانی پاراستنی بنەما ئازادییە سیاسییو ئابوورییەكان بۆ هەر تاكیٚك.

# مافەکان

- مافی کارکردن :

حکومەت, یاسا دانەران,  پیشەسازییەکان : دەبێت دەرفەتی کار لە بارودۆخێکی ئەمیندا بۆ هاوولاٌتیان دابین بکات.

- مافەکانی گەشەسەندن :

حکومەت : سیاسەت و تەکنیکەکان دەگرێتە بەر بۆ بەدەستهێنانی ئابوورییەکی جیگیرو چەسپاو, هەروەها گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی.

# ئەركەكانی حكومەت:
# .دەبێ رێزلێنەرو پارێزگاریو بەدیهێنەری مافەكان بێت

- ئەو ئەركەی كە دەبێ رێزی لـێ بگیرێ زۆرە ملـێو ناچاركردن نییە. ئەوە پێویستی بەلایەنە بەرپرسەكانە كە خۆ دوور بگرن لەكاركردن بەو رێگایەی كە خەڵكی بێبەش بكەن لەمافە مسۆگەركراوەكە.
- ئەركی پاراستن ناچاركردنو پابەند كردنی لایەنەكانی سێیەمە, ئەم ئەركە پێویستی بە لایەنە بەرپرسەكانە بۆ دابینكردنی, ئەویش بەوەی لایەنە سێیەمەكان خەڵك بێبەش نەكەن لە مافە مسۆگەركراوەكە.
- ئەركی بە ئەنجام گەیاندن یان بەدیهێنان ناچاركردنێكی ئیجابیانەیە, ئەم ئەركە پێویستی بەلایەنە بەرپرسەكانە بۆ دامەزراندنی سیستەمە ئابووریو سیاسیو كۆمەڵایەتییەكان. كە دەرفەت دەبەخشێت بۆ مافە مسۆگەركراوەكان بۆ هەموو ئەندامانی كۆمەڵ.

# چی بە هەڵە دەڕوات؟

- بەڵام گەورەترین ڕێگر، نەبوونی ئیرادەی سیاسییە لەلایەن سیاسییەکانو شکستی بزاوتی مافی مرۆڤە, ئەمە سیاسییەکان بەرپرس دەکات بەرامبەر بە نایەکسانیو بێدادی ئابووری

# ئایا هیوا هەیە کە گۆڕان لەعێراقدا ڕووبدات؟

بەڵێ.

| لەرابووردوودا | ئێستاو/ داهاتوو |
| --- | --- |
| ڕووخاندنی دیکتاتۆرو سەرکردایەتی تاکە حیزبی . | دامەزراندنی دیموکراسیەت و سیستەمی سیاسی فرە حیزبی. |
| نەبوونی هەڵبژاردن | لە 30 کانوونی دووەمی 2005دا هەڵبژاردنێکی ئازاد کرا. |
| دەستوری کاتی . | دەستوری هەمیشەیی. |
| کۆمپانیا موڵکی دەوڵەت بوو. | کۆمپانیای تایبەت |